# فەلسەفەی ڕۆژوو بۆ ڕۆژووگران، لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان



مەلا محەمەد مەلا زوبێر بەرزێویی *

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ساڵانە موسڵمانان لە سەرتاسەری جیهان بە جۆش و زۆر بە خۆشحاڵییەوە لەکاتێکی دیاریکراو مەوسمێکی ڕێکخراو لە پێشوازی هاتن و بەڕێکردنی میوانێکی ئازیزو قەدرگران دەوەستن، میوانێك کە سەرتاپا ڕەحمەت و بەرەکەتە، تێکڕای خۆشی و دەرفەتە، ئەویش مانگی (پیرۆزی رەمەزان)ـە و لەم مانگەدا موسڵمانان پەیمان نوێ دەکەنەوە لەگەڵ خودا بەرۆژووگرتن و عیبادەتی زیاتر، وەك ملکەچبوون بۆ فەرمانەکانی و نیشاندانی دڵسۆزی و بەندایەتی راستەقینە...

ڕەمەزان لە یەکەم ڕۆژیدا تا کۆتا ڕۆژ جیا لە تێکڕای مانگەکانی دی، پڕیەتی لە وانە، فەلسەفە و حیکمەت کە لەوانەیە لای بەشێکمان شاراوە بن، جا بۆ ئاشنابوون بە مەغزاو فەلسفەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان لەم وتارە تیشك دەخەینە سەر بەشێکیان وەکو مشتێ لە خەروارێ کە لەم مانگە پڕخێرە بەدی دەکرێن، لەوانە:

١- پەیدابوونی (ڕۆشنایی و هێزێکی زیاد لە پێویست) لای بەندەکان لەم مانگەدا بۆ نوێکردنەوەی ئیمان بە هەموو بەشەکانیەوە، کە مەبەست و غایەتێکە بۆ تەقوا و نزیکبوونەوەی زیاتر لە خودا، بۆ ئەم مەبەستەش خودا دەفەرمووێ:[ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ] البقرە: ١٨٣. هەروەها جیاوازیی پاداشت وەرگرتن لەسەر ئەم مانگە کە خودا بۆ ڕۆژووگرانی داناوە، فەلسەفەیەکی دیکەی هەرە گرنگ و ناوازەیە بۆ موسڵمانان، چونکە خودا فەرموویەتی: «هەموو کردەوەکانی مرۆڤ بۆ خۆیەتی، تەنیا بەڕۆژووبوون نەبێ، کە بۆ منە، هەر خۆیشم پاداشتی تایبەتم بۆ رۆژووانان هەیە.» بۆیە زانایان نەیانتوانیوە ئەندازەی خێرو پاداشتی رۆژووگرتن دیار بکەن، لەبەر ئەمە، هەروەکو ئەم مانگە راهێنانە بۆ ئەنجامدانی پێشبڕکێی شەریفانە لە مەیدانی عیبادەت، ئەمەش تواناو قودرەت و دەرفەتێکی زێڕینە کە خودا پێمان دەدا، ڕێزێکیشە بۆ ئەم مانگە لەنێو دوانزە مانگی ساڵ .

٢- مەوسمی بەزەیی هاتنەوەیە بە نەداران و لێقەوماوان، چونکە لەم مانگەدا تێکڕای موسڵمانان بەڕۆژ برسی و تێنوون، بەشەویش ماندوون، لەمەدا دەبێ فەلسفەی هاوکاری کردن لە ناخدا جێگیر بکەین بەوەی کەبەردەوام چینی لێقەوماوان و، گەداو هەژارەکانمان لە خەیاڵ بن و دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بکەین، لەم مانگەداو تێکڕای مانگەکانی تری ساڵ.

٣- ئەم رۆژە پیرۆزانە وەکو پزیشك و وەرزشکردن وان بۆ مرۆڤ و چەندان ڕێنمایی تەندروستی

دەدەن بۆ پاراستنی لاشەو دڵ و دەروون لە بەرامبەر هەر نەخۆشی و ڤایرۆسێکی کوشندە کە بیەوێ بەرەورووومانەوە بێت. هەروەها تاقیکردنەوەیەکی ڕەببانییە بۆ فێربوونی خۆڕاگری لە بەرامبەر برسیەتی و کزی و لاوازی. پێغەمبەرمان لەو بارەیەوە دەفەرمویێ: (صوموا تصحوا) كنز العمال برقم/٢٣٦٠٥ . هەروەها دەفەرمووێ: (وهو شهر الصبر ، والصبر ثوابه الجنة) صحيح إبن خزيمة١٨٨٧. - وانەیەکی هەرە گەورەو بەسوودی تەندروستی لەم مانگە کە دەست دەکەوێ، خۆگرتنە لە خواردنەوەو خواردنی زۆر، بەمەش مرۆڤ قازانجێکی دنیایی و قیامەتیی بەدەست دێنی، چونکە پەیڕەوکردنی سوننەتی بەرزی (پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم)ـە کە دەفەرموێ: (ما ملأ آدمي وعاءً شراً من بطن، بحسب إبن آدم آكلات يقمن صلبه فإن كان لابد محالة فثلث لطعامه، وثلث لشرابه، وثلث لنفسه)) رواه الترمذي). پێشەوای موسڵمانان ئیمامی عومەر ڕەزای خودای لێ بێت، دەفەرموێ: (إياكم والبطنة في الطعام والشراب، فإنها مفسدة للجسد، مورثة للسقم، مكسلة عن الصلاة..) كنز العمال:١٥/٤٣٣.

٤- ئەم مانگە خول و دەورەیەکی (٣٠) ڕۆژییە بێ ئەوەی کە مرۆڤ خشتەی بۆ دانابێ، فێری بەرنامەڕێژی ژیانمان دەکات کە چۆن کاتەکان دابەش بکات لە شەو و ڕۆژدا بۆ (عیبادەت و کارکردن، ڕێست و پشوو وەرگرتن، خواردن و خەوتن، سەردان و زیارەتکردن و.. هتد)، هەروەکو لەم مانگە پەروەردەیەکی ڕۆحیی (تیۆری و کرداری) پیادە دەکرێ، گرنگتر لەمەش بەردەوامبوونە لەسەر ئەم پەروەردەیە لە دوای تەواوبوونی کاتەکانی ئەم مانگەش.

٥- ڕەمەزان ئەم کاتە دیارکراوەیە کە موسڵمانان (داهات و سەروەت و سامانەکانیان) پاك دەکەنەوە، واتە تەزکی دەکەن لە بەرەکەت لە ڕێگەی دەرکردنی زەکاتەکانیان، هەروەها چاکسازیشە لە ماڵ و سامان بە زەکات کە مافی هەژارانە . کەواتە ئەو مانگە وێستگەیەکی گرینگەشە بۆ بەخشین و نوێبوونەوەی ماڵ و سامان و پتەوکردنی خۆشەویستی و ئاشتەوایی نێوان دەوڵەمەندو هەژاران لەم ڕێگە شەرعییەوە .

٦- ئەم مانگە پڕ خەرمانە شۆڕشێکە بۆ نەهێشتنی هەرچی ڕەوشت و ڕەفتاری ناشیرینە، هەروەها بۆ نەهێشتنی ئەنانییەت و لەباربردنی خۆپەرستییە، چونکە موسڵمانان گشتیان وەکو یەك وان لە ماف و دەستکەوتە دینییەکان لەم مانگەدا، بە جیاوازی خۆماندووکردن، کەواتە دەبێ هەمووومان وەکو یەك لاشە وابین، لە خەمی یەکترا بین، چونکە پێغەمبەرمان حەزرەتی محەمەد (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (مثل المؤمنين في توادهم وتراحمهم وتعاطفهم مثل الجسد، إذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالسهر والحمى) رواه مسلم(٢٥٨٦)

٧- فەلسەفەیەکی هەرە گرنگ بۆ ئەوانەی کە هەرەشەیەکی مەترسیداریان لەسەرە ئالوودەن بە مادەی هۆشبەر و جگەرەکێشان، هەروەها ئەوانەی خواردن و خواردنەوەی حەرام سەرگەردانی کردوون، دەتوانن سوودێکی زۆر ببینن لەم مانگە بۆ وازهێنانی یەکجارەکی و دوورکەوتنەوە لەم جۆرە شتانە کە هەرەشەن بۆ سەر مرۆڤ، چونکە پێغەمبەرمان دەفەرموێ :(لايدخل الجنة لحم ودم نبتا على سحت، النار أولى به)) رواه إبن حبان و صحه ، دەکرێ ئەم جۆرە کەسانە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان بکەنە فێرگەی گرنگ تا بەخۆداچوونەوە بکەن و هێزو ئیرادە جەزم بکەن، بۆ دوورکەوتنەوە لە ماڵی حەرام و لەم تاوانە نامرۆڤانە و ناپاسابیانە قۆناغ دوای قۆناغ، بۆ ئەوەی بتوانن هەمیشە ئارام بگرن، چونکە ئارامگرتن کلیکلی سەرکەوتنە، خوداش لەگەڵ ئارامبەخش و ئارامگرانەیە و تراوە: (همة الرجال تقلع الجبال). بە جۆرە ئەم مانگە دەبێتە مایەی وازهێنان لە تاوان و تێکشکاندنی هەوا و هەوەسی شەیتانی و هەڵسوکەوتی نەشیاو و نەرێنی، کە کاریگەرییان کردۆتە سەر دەروونی مرۆڤ و ڕەشیان کردووە .

٨- دوورکەوتنەوە لە قورئان کە گوفتاری شیرینی خودایە، شتێکی مەترسیدارە، ناگونجێ کەسێ خوێ بە موسڵمان و قورئانخوێن بزانێ و لەم کتێبە پیرۆزە ئاسمانییە دووربکەوێتەوە. لەهەر حاڵەتێکی نەخوازراو لەم ڕوانگەوە دەبێ مانگی ڕەمەزان بکاتە وێستگەو لینکێکی بەهێزی پەیوەندی لەگەڵ خالقی مخلووق، واتە بە قورئان خوێندن زمان و دڵ و تێکڕای ئەندامانی لەشی ئاودێر و تەغزییە بکات، چونکە لەم مانگەشدا قورئانی پیرۆز دابەزیوە،[شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ] البقرة /١٨٥ هەروەکو قورئان دەستوور و ڕێنیشاندەری ڕاستی ژیانە و مایەی پاداشتی نەبڕاوەیە بۆ دین و ژین، هەروەها شەفاعەتکارو تکاکار دەبێت لە ڕۆژانی تەنگانەدا شان بەشانی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان، هەروەکو پێغەمبەرمان حەزرەتی محەمەد (صلى الله عليه وسلم) لەم بارەوە دەفەرموێ:(الصيام والقرآن يشفعان للعبد يوم القيامة)) رواه الإمام أحمد.

*** قوتابی دکتۆرا– زانکۆی سەلاحەددین**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**ئەو مانگە وێستگەیەکی گرینگەشە بۆ بەخشین و نوێبوونەوەی ماڵ و سامان و پتەوکردنی خۆشەویستی و ئاشتەوایی نێوان دەوڵەمەندو هەژاران لەم ڕێگە شەرعییەوە.**

**ئەم مانگە پڕ خەرمانە شۆڕشێکە بۆ نەهێشتنی هەرچی ڕەوشت و ڕەفتاری ناشیرینە، هەروەها بۆ نەهێشتنی ئەنانییەت و لەباربردنی خۆپەرستییە، چونکە موسڵمانان گشتیان وەکو یەک وان لە ماف و دەستکەوتە دینییەکان لەم مانگەدا، بە جیاوازی خۆماندووکردن، کەواتە دەبێ هەمووومان وەکو یەک لاشە وابین، لە خەمی یەکترا بین.**



# ئافرەتانی کوردستان بەگەرمی پێشوازی لە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکەن



**لە هەموو کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا ئافرەتان کاراکتەرێکی سەرەکیی پرسە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانن، ئافرەتانی کوردیش لە مێژووی دوورەوە تا هەنووکە، ئەگەر رۆڵی سەرەکیشیان لە بنیادنانی هزری نەتەوەییدا نەگێرابێ، بەڵام لە گشت قوناغەکانی خەباتی نەتەوەییدا پاڵپشتێکی بەهێزی خەباتکارانی کورد بوون و تەنانەت لە سەنگەرەکانی بەرەنگاری و شۆڕش و قوربانیدانەکاندا پشکی شێریان بەرکەوتووە. لە ئێستاشدا کە باشووری کوردستان خۆی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم ئامادە دەکات، ئافرەتان شان بەشانی پیاوان دەخوازن کۆتایی بەو هاوکێشە ناڕەوایە بێنن، کە کوردی کردووەتە نەتەوەیەکی بندەست و بەشخوراو و بێ دەوڵەت، بۆیە هەموو توانای خۆیان دەخەنە خزمەتی هزری نەتەوەیی و پشتیوانیی خۆیان بۆ سەرۆکی کوردستان دەردەبڕن، هەتا خەونی نەمرانی کورد (خانی، حاجی، نەهری، پیران، شێخی حەفید، قازی و بارزانی) بێنێتەدی و لە کیانێکی سیاسی و سەربەستدا بژین و لانیکەم لە ستەمی نەتەوەیی رزگاریان بێت.**

سەرەتا د. ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، لەو بارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات کە «پرۆسەی ریفراندۆمی گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی کە پاش خەباتێکی سەخت و پڕهەوراز بە سەرکردایەتی سەرۆك بارزانی و پشتیوانی لایەن و پێکهاتەکانی کوردستان وادەی ئەنجامدانی دەستنیشان کرا، سەرکەوتنی پێویستی بە وزە و بەشداری سەرجەم تاك و گرووپە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتی ئافرەت هەیە. ئەگەرچی خەبات بۆ رزگاری نەتەوەیی تایبەتمەندی رەگەزی نییەو پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانی هەردوو رەگەزە، چونکە دواجار ئەو خەباتە بۆ هەردوو رەگەزی مرۆڤە کە کۆمەڵگەیان لێ پێکدێت، بەڵام کە لە ئێستای خەباتی گەلی کوردستان دەڕوانین و دەبینین لەلایەن نەیارانی سەربەخۆیی کوردستان هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ داگیر کردنی چوارچێوەی هزری نەتەوەیی و کارکردن لەسەر لاوازکردنی بیر و ئینتیمای نەتەوەیی کوردستانیان و بێ بایەخکردنی هێما و پیرۆزییە نەتەوەییەکان، لە پرۆسەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆییش ئەم هەوڵانە بە شێوەیەکی چڕتر خراونەتەگەڕ، ئەمەش بەشێکە لەو سیاسەتەی نەیارانی کورد بە درێژایی مێژوو بەرامبەر ئەم گەلە ستەمدیدە پەیڕەویان کردووە.

گوتیشی: «ئەگەرچی هەموو ئەو هەوڵانە بێئاکام دەبن لە بەرامبەر خواستی ئازادی و بیری سەربەخۆخوازی و رزگاریخوازیی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستانییان، بەڵام پێویستە رێکاری مەدەنی جۆراوجۆر بگیرێتەبەر بۆ رێگرتن لەو هەوڵانە، لەو چوارچێوەیەشدا ئافرەتانی کوردستان بە چەندین جۆر دەتوانن رۆڵێکی گەورە بگێڕن وەك بەشدارییەکی ئەکتیڤ و کاریگەر لە پرۆسەی دەنگدان و پیادەکردنی ئەو مافە، یان رۆڵی ئافرەت لە پەروەردەی تاك لە خێزان و لە قوتابخانە، کە هەر ئەو پەروەردەیەش ئایندەی کۆمەڵگە دەنەخشێنێت، یان وەك رۆڵی ئافرەت لەسەر ئاستی رێکخراوەیی و پەیڕەوکردنی میکانیزمی جۆراوجۆر بۆ هاندانی جەماوەرو زیاتر گەشەکردنی هزری نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستانییان و زەرووەرەتی بەشداری لە پرۆسەی ریفراندۆم وەك ئەرکێکی پیرۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی و چارەنووسساز، نەوەك هەر بۆ ئێستا، بەڵکو بۆ نەوە دوای نەوەی کوردستانیان.»

تاڤگە عومەر بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە دەستەی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت : «بڕیاردان و دیاریکردنی رۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە هەرێمی

**هەرچەندە ناحەزانی کورد بە هەموو شێوەیەک دژایەتی ریفراندۆمەکە دەکەن، بەڵام هەرێمی کوردستان چاوەڕێی چرای سەوز نابێت لە هیچ لایەک، چونکە ئەگەر خۆمان هەوڵی بۆ نەدەین، ئەو چرایە هیچ کات داناگیرسێت**

**ئەم ریفراندۆمە و بەشداریکردنی و دەنگدان بە بەڵێ دەرفەتێکی باشە بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان بۆ جیاکردنەوەی ئەوانەی خاوەن ئینتیمای نەتەوەیین و ئەوانەش دەناسرێن کە دژایەتی دەکەن و مێژوو بە قیزەونی ناویان تۆمار دەکات**

**پرسی ریفراندۆم، پرسێکی نیشتمانییە و بابەتێکی چارەنووسسازە و پەیوەندی بە ئینتیمای حزبی نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ئینتمای نەتەوەییە کە هەموو حزبە کوردستانییەکان وەک لە بەرنامەکانیاندا باسیان کردووە، ئینتیمای نەتەوەیی لە سەرووی هەموو شتەکانەوە دەبێت**

**مێژووی پڕ لە سەروەری و قوربانیدانی کورد و خەبات و شۆڕشەکانی لە پێناوی ئامانجێک بووە کە سەربەخۆیی کوردستانە و تەواوی بڕوامان وا بووە ئەو ئامانجە ئەمڕۆ نا سبەی، هەر دێتەدی**

کوردستان وەرچەرخانێکی گەورەیە لە مێژووی پڕ سەروەری و قوربانیدانی گەلی کورد و پرسی دەوڵەت و سەربەخۆبوون هیوای لە مێژینەی هەموو کوردێکی دڵسۆز بووە، بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەوەش قوربانیدان و خەباتی گەلێکە کە بە درێژایی مێژوو بەرامبەر زوڵم و ستەمی رژێمە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق وەستاوەتەوە و هەرگیز سەری بۆ هیچ دەستکەوت و ئیمتیازێك دانەنەواندووە کە بێگومان لە ئێستا و ئایندەش کورد هەمان هەڵوێستی دەبێت.» گوتیشی: «بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم، بڕیارێکی بوێرانە بوو، هەروەها هەڵوێستی سەرکردەکانی کورد لەئاست بەرپرسیارێتی دۆخەکە بوو، کەوا لە بارودۆخێکی یەکجار هەستیار و بوونی کۆمەڵێك ئاستەنگ و کێشەو گرفتی ناوخۆیی و دەرەکی، کۆدەنگییەکیان دروست کرد، ئەوەش تەکاندانە بە مێژووی پڕسەروەریی نەتەوەیەك، هیچ خوێندنەوەیەکی دیکەشی بۆ ناکرێت، جگە لە سووربوونی کورد لەسەر مافە رەواکانی کە مافی سرووشتیی هەر میللەتێکە و ئەم دەستکەوتەی باشووری کوردستان کلاوڕۆژنەی رزگاربوونی بەشەکانی دیکەی کوردستانە و هێمای بوونی ئایندەیەکی گەشی کوردستانی گەورەیە.»

بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە دەستەی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ، لە درێژەی رادەربڕینەکەیدا، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «پەیامی سەرۆك بارزانی و بەبایەخەوە تێڕوانینی بەڕێزیان بۆ ئەم پرسە گرنگە، کە چەندین جار لە بۆنەو کاتی جیاوازدا جەختی لەسەر ئەم مافەی میللەتەکەمان کردۆتەوە، ئێستاش بە رابەرایەتی بەڕێزیان پرۆسەکە لە دروشم و گوتارەوە بۆ قۆناغی پراکتیك هەنگاو دەبێت، ئەم پەیامە پاڵپشت و فاکتەری سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە و هەنگاوی یەکەمی سەرکەوتن پیشان دەدات بە ڕێزگرتن لە قوربانیدان و خەباتی پێشمەرگە و خوێنی شەهیدە قارەمانەکان لەلایەك، لە لایەکی تریشەوە بەرزنرخاندنی هەڵوێستی ئەو حزب و لایانانەیە کە بەشداربوون و رۆڵیان هەبووە لەدیاریکردنی رۆژی ئەم پرۆسە نیشتمانییە، بۆیە پەیامی سەرۆك بارزانی سەنەدێکی تۆکمە و بەهێزە بۆ دوورکەوتنەوە لەهەموو جۆرە زمانێکی زبر و توندوتیژ و رق و کینە لە نێوان دۆست و ئەندامانی حزبەکانی کوردستان، بە نەیارانی ئەم پرۆسەیەشەوە، کە بێگومان هیچ پرۆسەیەك دەرەنجامێکی باشی نابێت، ئەگەر لە ژینگەیەکی نالەبارو نەگونجاودا ئەنجام بدرێت، چ جای ئەوەی کە پەیامێکیشە بۆ بەغداو وڵاتانی دیکەی دراوسێ کە گەلی کورد مافێکی خۆی بەرجەستە دەکات و بەدەستهێنانی ئەم مافەش هیچ کاریگەرییەکی لەسەر پەیوەندی دۆستانەی هەرێم لەگەڵیاندا نابێت، ئەمەش بیرکردنەوەیەکی ژیرمەندانەیەو کاتی ئەوە هاتووە کە ئەوانیش تێبگەن کە خەباتمان لە پێناو بەرجەستەکردنی مافەکانمان بووە و دژی هیچ لایەن و دەوڵەت و کیانێکی دیکە نین.»

لە لای خۆیەوە، ئاواز حەمید ئەفەندی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان رایوایە «هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە ئەو قۆناغەی کە خۆی بە شایەنی بوون بە خاوەن دەوڵەت بزانێت، ئەویش پاش تەجروبەیەکی دوور و درێژ لە بەڕێوەبردنی حکومەت، بەبێ پاڵپشتیی دەوڵەتی مەرکەزی، ئەوەش بووە هۆی دانپێدانانی ناڕاستەوخۆی ئەو وڵاتانەی کە لەگەڵ یەکپارچەیی عێراقدابوون و ئێستا رێز لە ریفراندۆم و راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان دەگرن.» گوتیشی: «هەرچەندە ناحەزانی کورد بە هەموو شێوەیەك دژایەتی ریفراندۆمەکە دەکەن، بەڵام هەرێمی کوردستان چاوەڕێی چرای سەوز نابێت لە هیچ لایەك، چونکە ئەگەر خۆمان هەوڵی بۆ نەدەین، ئەو چرایە هیچ کات داناگیرسێت. »

میدیا بەکر، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «وتنی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەرکی سەرشانی هەر هاونیشتمانییەکە و ئەرکێکی نیشتمانی و ئەخلاقیشە کە بە گەرمی لە ریفراندۆم بەشداری بکەین، چونکە زۆر جار گشتپرسی یان ریفراندۆم، چارەنووسی ئەو نەتەوانەی گۆڕیوە کە ژێردەستە و زوڵملیکراو بوون، میللەتی کوردیش یەکێکە لەو نەتەوە گەورانە کە تا ئێستاش خاکی داگیرکراوە و چەندین دوژمنی دەرەکی و تەنانەت ناوخۆیی دەوری داوە. بۆیە ئەم ریفراندۆمە مافیکی هەرە سەرەتایی نەتەوەکەمانەو لێرەدا ئێمە وەك ئافرەت دەبێت نەك هەر بە پاڵپشتی، بەڵکو بە بەشداریکردن و هاندانی بەشداریکردنی ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگەکەمان پێشوازی لە دەوڵەتداریمان بکەین، پێویستە پشتگیری هەموو ئەو مافانە بکەین کە خوای گەورە پێی بەخشیوین، سەربەخۆیی وڵاتەکەشمان گەورەترین ماف و خەونی گەلەکەمانە»، جەختی لەوەش کردەوە کە «لە سەرەتای دروستبوونی شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی کوردستان ئافرەتیش شان بەشانی پیاوان رووبەڕوی هەموو ئەو زوڵم و زۆرداریيە بوونەتەوە،» گوتیشی: «ئێمەی ئافرەتان دەبێت پێشمەرگەئاسا بجەنگین تاوەکو سەربەخۆیی وەردەگرین، کە مافی رەوای خومانە، من وەك ئافرەتێکی کورد هەمیشە پێشمەرگەیەکم کە دەجەنگێم بۆ بەدەستهێنانی ئاواتەکانی گەلەکەم کە سەربەخۆییە و هەمیشە پاڵپشتیمان دووبات دەکەینەوە بۆ ئەو پرۆسە گەورەیە و پشتگیری ئەو هێزو لایەنانەش دەکەین، کە هەڵدەستن بوئەنجامدانی ئەو پرۆسە گەورەیە.»

میدیا بەکر بە پێویستی دەزانێت، ئاماژە بە دۆخی چەند ساڵی رابردوو بکات و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «لە ماوەی سێ ساڵی رابردوو، هەرێمی کوردستان لە بارودۆخێکی خراپدا هەوڵی سەرکەوتنی بەسەر چەندین

گوڵان: کۆمەڵایەتی

کێشە و قەیراندا داوە، لەوانە شەڕی داعش، پرژانی شەپۆلی ئاوارەکان و قەیرانی ئابووری و بڕینی بودجە لەلایەن حکومەتی عێراق. سەرەڕای ئەوەش کوردستان بێجگە لەو سنوورەی کە لەگەڵ داعش هەیەتی و لەجەنگ بووە لەگەڵی، لە وڵاتانی ئەورووپا ئارامتر بووە. هەروەها کوردستان سەرەڕای ئەو مێژووە تاڵەی لەگەڵ دەسەڵاتی عەرەبان هەیبووە، کەچی پەنای سەدان هەزار ئاوارەی عەرەبی داوە، واتە گەلی کورد باشترین نموونەی پێکەوەژیان و ئاشتەوایی نیشان داوە، بۆیە کورد و هەموو پێکهاتە نیشتمانییەکانی هەرێمی کودستان شایانی ئەوەن لە وڵاتێکی سەربەخۆدا بژین، وڵاتێك کە داهاتووی روون بێت، نەك وڵاتێك کە بە درێژایی مێژوو غەدری لە ئێمەی کورد کردووەو تا ئێستاش دەسەڵاتی مەزهەبگەرا پیلانی دوژمنانەیان بەرامبەرمان هەیە، بۆیە دەبێت لەو دوژمنایەتییە دابڕێین، ئەوکات دەسەڵاتی سیاسیی کورد، لە رێی دادگای نێودەوڵەتییەوە سکاڵا لە سەر حکومەتی عێراق تۆمار بکات و هەموو ئەو زوڵم و زۆرداری و ئەنفال و وێرانکارییانەی بە سەر کوردیان هێناوە، قەرەبوو بکرێنەوە. ئەم ریفراندۆمە گەورەترین گۆڕانکارییە لە مێژووی سیاسیی بزووتنەوەی کوردایەتی و بە هۆی سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆك بارزانی و فیداکاری پێشمەرگە قارەمانەکان گەورەترین دەستکەوتی نەتەوەیی بۆ کورد دەبێت، بۆیە دەبێت هەمووان پشتیوانی لەسەرخستنی بکەین.

لە لای خۆیەوە نەرمین سندی، ئەندامی سەنتەری دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستان، جەختی لەوە کردەوە کە «ریفراندۆم وەك رێگەیەکی ئەزموونکردنی دیموکراسیەتی راستەوخۆ، مافی هەر تاکێکی پێگەیشتووی کۆمەڵگەیە، ئافرەتیش وەك هەر تاکێکی کۆمەڵگە مافە مرۆڤی و یاسایی و سیاسی و هەر مافێکی تر کە لە جاڕنامەی مافی مرۆڤدا هاتووە، مافی خۆیەتی پەیڕەوی بکا.»

گوتیشی: «ئێمەی ئافرەتی کوردستان مێژووی خەبات و قوربانیدانمان دیارە لە پێناو خاك و وڵاتدا و رۆڵی نیشتمانپەروەرانەی خۆمان لە پەروەردەکردنی رۆڵە گیان لەسەردەستەکانی نیشتمان دیار و بەرچاوە، کە بێگومان مێژووی پڕ لە سەروەری و قوربانیدانی کورد و خەبات و شۆڕشەکانی لە پێناوی ئامانجێك بووە کە سەربەخۆیی کوردستانە و تەواوی بڕوامان وا بووە ئەو ئامانجە ئەمڕۆ نا سبەی، هەر دێتەدی. ئەمەی ئەمڕۆ دەگوزەرێ لەسەر گۆڕەپانی سیاسی، ئەمە هەنگاوی یەکەمی رێگای جێبەجێکردنی ئامانجە سەرەکییەکەمانە و لە بڕوایەکی تەواودام کە هەر ئافرەتێکی کوردستانی و خاوەن هەستی نیشتمانی بەشداری لە دەنگدان دەکات، و بە بەڵێ بۆ ریفراندۆم ئەو مافەی خۆی جێبەجێ دەکات، لە هەمان کاتدا ئەو ئەرکەی سەرشانیشی وەکو ئافرەتێکی کورد جێبەجێ دەکات. گرنگە ئافرەتی کورد لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا رۆڵی خۆی بگێڕێت، وەك چۆن لە پێشووشدا رۆڵی هەبووە، هەروەها گرنگە میدیا رۆڵی خۆی ببینێ لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە. گرنگیی پێگەیاندنی وەرگر کە ئەم پرسە، واتە پرسی ریفراندۆم، پرسێکی نیشتمانییە و بابەتێکی چارەنووسسازە و پەیوەندی بە ئینتیمای حزبی نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ئینتمای نەتەوەییە کە هەموو حزبە کوردستانییەکان وەك لە بەرنامەکانیاندا باسیان کردووە، ئینتیمای نەتەوەیی لە سەرووی هەموو شتەکانەوە دەبێت، هەر ئەم ریفراندۆمە و بەشداریکردنی و دەنگدان بە بەڵێ دەرفەتێکی باشە بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان بۆ جیاکردنەوەی ئەوانەی خاوەن ئینتیمای نەتەوەیین و ئەوانەش دەناسرێن کە دژایەتی دەکەن و مێژوو بە قیزەونی ناویان تۆمار دەکات.»